# مرۆڤێکی شادومان



**دلاوەر قەرەداغی**

**خودایە.. مەهێڵە شادومانییم لەدەسبدەم!**

**یۆهان سباستییان باخ**

من بەم شادومانییە دەژیم
من لەشادومانییدا دەنووسم
ئەوە شادومانییە کە بەیانیان
لەژوورەکەمدا دەیکات بەغەڵبە غەڵب و
خەبەرم دەکاتەوە
کە دەموچاوم پێدەشوات
کە پەنجەرەکەم پێدەکاتەوە
کە ئینجانەکانم پێ ئاودەدا
هەستدەکەم تادێ
شادومانییم گەورە دەبێ
پێدەگرێ
قسە فێر دەبێ
ئاقڵ دەبێ
گوێم لێدەگرێ
هەستدەکەم تا دێ
شادومانییم باڵ دەگرێ
رووبەری نوێم بۆ یاری
پێدەناسێنێ
فرینی ترم فێردەکا
گەر ئەو شادومانییە نەبێ
دەرەقەتی هیچ نایەم
بەکەڵکی هیچ نایەم
گەر ئەو شادومانییە نەبێ
منداڵێك پێمدەوێرێ
گەر ئەو شادومانییە نەبێ
کێشکەیەکم پێ ناخرێتە رستەوە
خاڵێکم پێناخرێتە سەر حەرفێك
تەڵێك گیام پێ پاکنووس ناکرێ
گەر ئەو شادومانییە نەبێ
شیعرێکم دەست و پێ سپی

هەر جارەو دەکەومە چاڵێکەوە
هەر جارەو دوعایەکی خەراپم لێگیرا دەبێ
هەر جارەو بەچاوێکی پیسەوە دەبم
هەر جارەو بەبۆنێکی غەریب دەکەوم
گەر ئەو شادومانییە نەبێ
تەنیایی دەمخوا و
بەهەلاّمەتێك دەمرم
کە دەنووسم
ئەو شادومانییە بە بەربەرۆکەیەکی سپی و
جوتێك سۆلی ئیسفەنجەوە
سرك و بزێو
دەکەوێتە گسکدانی ژوورەکانی خەیاڵ
دەکەوێتە لادانی پەردەکانی بینین
دەکەوێتە سرینەوەی تەختەرەشەکانی مسۆدە
دەکەوێتە گۆڕینی ئاوی گوڵدانەکانی زووبان
چەند خۆشە لەشادومانییدا یاریی
چەند خۆشە لەگەڵ شادومانییدا شەر
چەند خۆشە لەگەڵ شادومانییدا تەنیایی



چەند خۆشە لەشادومانییدا هەناسەدان
من بەم شادومانییە ئالوودەم
هەمیشە وەك گۆزەی عاریفێکی پیر
شادومانی بەبەتالیی دەمباو
لەوسەرەوە بەپڕیی دەمهێنێتەوە
هەمیشە وەك زارۆکێکی تازە لەدایکبووی
نێو باوەشی خودا
شادومانی بەکرووزانەوەوە دەمباو
لەخوارەوە بەگڕو گالەوە دەمهێنێتەوە
هەمیشە وەك جەستەیەکی بێگیانی
نێو گۆرەپانی لەخاچدان
شادومانی بەکوژراویی دەمباو
دوای سێ ڕۆژ
لەوسەرەوە بەزیندوویی دەمهێنێتەوە
من شادومانییم هەیە
شادومانیی پشتو پەنامە
بەپشتی ئەو دەرەقەت دێم لەولاتێکی بێگانە بژیم
بەپشتی ئەو یارییەکانم دەکەم
پیاسەکانم دەکەم
لەشەرەکانم دێمەوە
بەپشتی ئەو خەون دەبینم
هەناسە دەدەم
بێدەنگ دەبم
بەپشتی ئەو لەسەر لێواری خەرەند رادەوەستم
چاو دەبڕمە چاوانی و
ه
ی
چ
ن
ا
ش
ت
ر
س
م
!